Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.21080101

# وێنەی شیعریی لە شیعرەکانی"سالم" دا

کانیاو بەکر عەبدوڵڵا    ئەحمەد محەمەد ڕەشید میرە    دیلان سەلام حەمە فەرەج

بەشی کوردی/ کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور/ زانکۆی هەڵەبجە

*Article Info*

Received: January, 2021
Accepted :February,2021
Published :April ,2021

*Keywords*

وێنەی شیعری، وێنەی خواستن، وێنەی لێکچواندن ، شیعرەکانی سالم

*Corresponding Author*

Kanyaw.bakr1990@gmail.com
Ahmad.r.mira@gmail.com
Dilan22Salam@gmail.com

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (وێنەی شیعریی لە شیعرەکانی"سالم" دا)، تێیدا هەوڵدراوە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە: مەبەست لە وێنەی شیعریی چییە؟ جۆرەکانی وێنەی شیعریی کامانەن؟ سەرچاوەکانی وێنەی شیعریی چین؟ بۆ ئەوەش، وێنەی شیعریی و سەرچاوەکانی وێنەی شیعریی و جۆرەکانی وێنەی شیعریی، کراونەتە پێوەر لە شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی وێنەی شیعریی لە شیعرە کوردییەکانی "سالم" دا.

توێژینەوەکە، کە بەپێی ڕێبازی (وەسفیی شیکاری) ئەنجامدراوە، لە دوو بەشی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. بەشی یەکەم: تێڕوانینێکی گشتییە دەربارەی وێنەی شیعریی، کە دوو پار لەخۆدەگرێت، پاری یەکەم بۆ زاراوەو چەمکی وێنەی شیعریی، پاری دووەمیش بۆ تێڕوانینی ڕەخنەگران و لێکۆڵەران دەربارەی وێنەی شیعریی و بایەخی وێنەی شیعریی، تەرخانکراوە. بەشی دووەمیش، تایبەتە بە وێنەی شیعریی لە شیعرەکانی "سالم"دا، کە لە سنوری دوو پار

جەختکراوەتە سەر سەرچاوەکانی وێنەی شیعری لە شیعرەکا

جۆرەکانی وێنەی شیعریی لە شیعرەکانی "سالم"دا دیاریکراون و ئ

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لە چەند خاڵێکدا خراونەتەڕوو.

## پێشەکی بەشی یەکەم: تێڕوانینێکی گشتی دەربارەی وێنەی شیعریی

### پاری یەکەم: زاراوە و چەمکی وێنەی شیعریی

وێنەی شیعریی، کە چەند زاراوەیەکی دیکەی بۆدانراوە وەکو(وێنەی ئەدەبی و وێنەی هونەریی و تابلۆی شیعری ...... هتد) یەکێکە لە زاراوە دیارەکانی نێو دونیای ئەدەب و لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان "وێنە لەڕەخنەی ئەوروپیدا(image)ی پێدەوترێت، کە وشەیەکی ئینگلیزییەو ئاشکراشە کە وشەی(imagination)ی ئینگلیزی لە وشەی(imagimoto)ی لاتینییەوە وەرگیراوە و بەرمبەری لە یۆنانیدا(phantasia)یە و ڕاستەوخۆ وشەی ئینگلیزی (fancy)لێوەرگیراوە کەواتە وشەی (imagination)بەواتای خەیاڵ دێت. لە یۆنانیش (phantasia)بەواتای خەیاڵ دێت، چونکە خەیاڵ ڕەگەزێکی مەزنی شیعرە و لەدروستکردنی وێنەی شیعریدا بەشدارییەکی فراوان دەکات". (هاوژین سلێوە عیسا، 2009: ل19 )

ئەم زاراوە ڕخنەییە، وەك زۆرێك لەزاراوەکانی نێو ئەدەب و بەتایبەتیش ڕەخنەی ئەدەبی "یەکەمجار لەڕەخنەی ئەدەبی خۆرئاواییدا بەکارهاتووە و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە ئەنجامدراوە و سەرنجی لێکۆڵەرانی ئەدەبی وشاعیرانی بۆئەم ڕەگەزە گرنگەی شیعر ڕاکێشاوە دواتر لەنێوەندی ئەدەب ورەخنەی گەلانی تریشدا بایەخی پێدرا و لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا". (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، 2015: ل408 )

پاشانیش وەك بابەتێك بۆلێكدانەوە و ڕاڤەكردنی شیعر لەلایەن ڕەخنەگرانەوە بایەخی زیاتری پێدرا، وێنەی شیعری یەكێكە لە ڕەگەزە سەرەكییەكانی شیعر لەناو ئەدەبدا، وێنەی شیعری هەر لەكۆنەوە لەگەڵ شیعردا هاتووە و پەیوەست بوون پێكەوە، ئەم هونەرە زیاتر لەچواچێوەی ڕەوانبێژیدا خۆی دەبینێتەوە بەهۆی وێنەوە شاعیر هەست ویادەوەرییەكانی بەشێوەیەكی هونەری پێكەوە دەنێت"وێنەی شیعری كێشانی وێنەی خەیاڵیە و كاریگەرییەكەی پەیوەستە بەدەروون و توانای شاعیرەوە". (هەژار فەقێ سلێمان، 2018: ل22 )

واتە دروستكردنی وێنەی شیعری بەئەندێشە و خەیاڵی نوسەر یاخود شاعیر لەناو دەقی شیعریدا لەبن نەهاتووە و دەكەوێتە سەر لێهاتوویی و سەلیقەی نوسەر كە چۆن وێنەی شیعری سەرنجراكێش بهێنێتە بەرهەم چونكە هەر شاعیرەو بەشێوازی تایبەتی خۆی دەنوسێت واتە وێنەی شیعری سەرچاوەیەكە بۆئەوەی شاعیر ئەوەی لەبیرو دڵ و دەرونیدایە لەچوارچێوەی دەقێكدا لەرێگەی وێنەی شیعرییەوە بیگەیەنێتە خوێنەر، لەبەرامبەر ئەم زاراوانەدا كە لەزمانی فارسیدا زاراوەی "صوری خیال" واتە وێنەی خەیاڵ بەكاردەهێنرێ لەئەدەبیاتی عەرەبیشدا زاراوەی "الصورة الشعرية" كە بەمانای وێنەی شیعری یان"الصورة الفنية" وێنەی هونەری بەكاردەهێنرێ یاخود"الصورة الادبية" كە وێنەكانی شیعر و پەخشان دەگرێتەوە لەئەدەبی كوردیشدا زاراوەكانی(وێنەی ئەدەبی، وێنەی شیعری، وێنەی هونەری) بەرچاو دەكەوێت". (هاوژین سلێوە عیسا، 2009: ل19 .)

ئێمە لەتوێژینەوەكەماندا زاراوەی (وێنەی شیعری)مان هەڵبژاردووە و لەدوتوێی لێكۆڵینەوەكەدا بەكارمان هێناوە .

بەگشتی دەتوانین بڵێین وێنەی شیعری ڕەگەزێكی بەبایەخی شیعرە و دروستكردنی وێنەیە بە واژە، پەیوەستبوون و ئاوێتەكردنی كۆمەڵە بابەتێكە لەنێو دەقی شیعریدا كە ئەمەش بێگومان لەرێی ڕەگەز و پێكهاتەكانی وێنەی شیعرییەوە كە بریتین لە(زمان، بیر، نەست، سۆز، ئەندێشە)وە دروست دەبن و دواتر لەفكر ئەندێشەی خوێنەردا بەرجەستە دەبێت و خەیاڵی دەوروژێنت، هەروەها چێژی هونەری و ئیستاتیكی بە دەق دەبەخشێت"وێنەی شیعری لەسادەترین مانایدا وێنەكێشانە بە وشە". (ئومێد ئاشنا، 2001، ل21 )

واتە شاعیر لەرێی بەكارهێنانی زمان ویاریكردنی بەوشەكانی زمان وێنەی جۆراوجۆری شیعری لەنێو دەقدا بەرجەستە دەكات، لێرەوە دەتوانین بڵێین وێنەی شیعری زادەی وشەكانی زمانە و شاعیر لێهاتووانە بەرهەمی هونەری پێدەخوڵقێنێت، هەر وەك چۆن نیگاركێشێك لەرێی بەكارهێنانی فڵچە و ڕەنگی جۆربەجۆرەوە تابلۆی هونەری و سەرنجراكێش دەنەخشێنێت، كەواتە ئەوەی شاعیر هەستی پێدەكات گرتنی ئەو وێنانەیە بەچاوی وشە و زمان، بەو مانایەی خوێنەر یاخود گوێگری شیعری بە وریاییەوە دەتوانێت ئەو وێنانە لەخەیاڵدا بكێشێت كەواتە وێنەی شیعری"پێكهاتەیەكی گرنگی بونیادی شیعرییە و لەشێوەی تابلۆیەكی شێوەكارییە، كەرەستەكانی وشەی جوان و خەیاڵ و دەروونی شاعیرن بەهۆیەوە شاعیر ئەزمونی خۆی و تێڕوانینی بۆدیاردەكانی دەوروبەر دەخاتە ناو چوارچێوەی دەقە شیعرییەكەی". (دەریا جەمال حەویزی، 2009: ل43)

واتە وێنەی شیعری وێنەگەلێكە لەخەیاڵدانی شاعیردا دروست دەبێت و دەخرێتە نێو دەقی شیعرییەوە بێگومان دروستبوونی ئەم وێنانەش پەیوەستە بە بەكارهێنانی هونەرەكانی ڕەوانبێژییەوە.

## پاری دووەم: تێڕوانینی ڕەخنەگران و لێكۆڵەران دەربارەی وێنەی شیعری و بایەخی وێنەی شیعری

چەمكی وێنە لەكۆنەوە تاكو ئێستا جێگەی باس و لێكۆڵینەوە و سەرنجپێدانی ڕەخنەگران بووە، زۆرێك لەلێكۆڵەران و ڕەخنەگرانی ئەدەب ناساندویانە و تێڕوانینی خۆیان لەو بارەیەوە خستۆتەڕوو ولە گرنگییەكەی دواون."وێنەگەرەكان(ئیماجیستەكان) كە ناوەكەیان لە وشەی لاتینی(imago)وە هاتووە ئەم چەمكەیان كرد بەجەوهەری بزووتنەوەكەیان و هەموو شتێ بە دەوری زمانی بە وێنەدا دەسوڕایەوە بەتایبەتی وێنە بەناوبانگەكەی شاعیری ئەمریكایی(ئەزراپاوەند)یان بەنموونە دەهێنایەوە كە دەڵێ:"دەركەوتنی ئەو ڕوخسارانە لە قەرەباڵغیدا نوقمی گەڵای دارە بەلقێكی تەڕی ڕەشەوە". (ئەنوەر قادر محمد، 2010: ل82)

ڕەخنەگری ئەدەبی(سی. دی. لویس) دەڵێت: "هەر قەسیدەیەك بۆخۆی وێنەیەكی شیعرییە و لە كۆمەڵێ وێنەی شیعری تر پێكهاتووەو هەر زمانێكیش وێنەی شیعری لێ دابماڵرێ توانای دەربڕینی نامێنێ". (دڵشاد عەلی، 2007: ل167)

لەو پێناسەوە ئەوە دەبینینكە شیعر و وێنە دوانەیەكی دانەبڕاون و پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆ لەنێوانیاندا هەیە. "نازك الملائكە"دەڵێت: "نەبوونی وێنە لەشیعردا جوانی و ڕەسەنایەتیەكەی وون دەكات". (ئیساعیل تەنیا، 2005: ل16)

لێرەشەوە دەردەکەوێت کە هەر جوانی و ڕازاندنەوەیەك کە لەشیعردا دەبینرێت بەرهەمی وێنەیە و وێنە ڕۆڵی دیاری هەیە لەئیستاتیکای شیعردا. "بافل کۆرێن"دەڵێت:"بیرۆکە و وێنە دڵی هونەرن، گیانی شیعر وێنەیە، جوانی شیعر جگە لە کێش و ڕیتم لە وێنەدایە". (ئیسماعیل تەنیا، 2005: ل16)

ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە وێنە گیانی شیعرە و هەر زیندوێتی و جوڵەیەك کە لەشیعردا هەبێت ئەوا لەڕێگەی ئەو وێنە شیعریانەی ناو دەقەکەوەیە کە شاعیر خوڵقاندویەتی. لەنێو دەق شیعریدا وێنە دەکەوێتە نێوان دوو هونەرەوە ئەوانیش هونەری بیستراو، هونەری نیگارکێشان بێگومان شیعر هونەری گوتنە و ئامراژەکەی زمانە، بەڵام نیگارکێشان هونەری بینینە و ئامراژەکەی فڵچە و ڕەنگە، وێنەی شیعریی کۆمەڵێك دەربڕینە کە گوزارشت لە درککردنە هەستی و نەستی یەکان دەکات و کۆمەڵێك بابەتی بەیەکداچوو و فرە چەشنە کەدەبێت شاعیر توانای ڕێکخستن و تەنسیقکردنیانی پێکەوە هەبێت، چونکە وێنەی شیعریی ڕەنگدانەوەی دەقاودەقی واقع نیە، بەڵکو واقیعێکە شاعیر دروستی دەکات و پەیوەندی بەو زمان و فەرهەنگ و پاشخانە مەعریفی یەوە هەیە کە لەگەڵ شاعیردا گەشەدەکات و گەورە دەبێت .

بایەخێکی دیکەی وێنە لەنێو دەقدا ئەوەیە کە"وێنە ناسنامەی داهێنانی نوسەرەکەیە و سیحرێکی وای لەخۆیدا هەڵگرتووە کە توانای کەمەندکێشکردنی خوێنەری تێدایە و خوێنەر وا هەست دەکات سەیری تابلۆیەکی هونەریی دەکات، ئەمەش سەرەڕای قوڵبوونەوەی نوسەر و لێکنزیککردنەوەی دوو ژانرە لەیەك و پەیوەندی ئەدەب بەهونەرەکانی دیکە دەسەلمێنێت بەتایبەتیش نیگارسازی". (هێمن عومەر خۆشناو، 2009: ل277)

پەیوەندی نێوان شیعر و تابلۆ پەیوەندییەکی بەیەکداچووە و پەیوەستن پێکەوە لەڕووی مێژوویشەوە پەیوەندی نێوانیان پەیوەندییەکی مێژوویە و ئەدەب و نیگارسازی لەئاستی ئیستاتیکا و چێژدا زۆر لەیەکەوە نزیکن، ئەرستۆ لەکتێبی"هونەری شیعر"ەکەیدا کە لەزۆر شوێندا تابلۆ و نیگار و وێنە بوونی هەیە و لێی دانەبڕاوە "ئەرستۆ" لەبارەی سەرهەڵدانی شیعر و لاساییکردنەوە و چێژ و تابلۆدا دەڵێت:"ئاشکرایە سەرهەڵدانی شیعر بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە کە هەردوکیان پەیوەندییان بەسروشتی مرۆڤەوە هەیە لاساییکردنەوە لەبوونی مرۆڤدا سروشتی یە و لەمناڵیەوە پەیدا دەبێت. ئەمەش یەکێکە لەو خەسڵەتە تایبەتمەندییانەی مرۆڤ کە لە ئاژەڵان جیادەکاتەوە مرۆڤ ئەو ئاژەڵەیە کە لەلاساییکردنەوەدا چاکترینە و بەلاسایکردنەوەش خۆی فێردەکات هەروەها هەموو مرۆڤێك بەلاسایکردنەوە خۆشی پێدێت ڕاستی حاڵەتی دووەم بە تاقیکردنەوە دەسەلمێنێت: ئێمە حەزدەکەین زۆر واقیعییانە لە بەرهەمێکی هونەرییدا وێنەی ئەو فۆڕمانەی پەرێشانمان دەکەن وەکو لاشەی مردوو ببینین". (ئەرستۆ، 2009: ل20)

ڕەخنەگران یەکێك لەو پێوەرانەی کە بۆهەڵسەنگاندن و لێوردبوونەوەی شیعرێك بەکاریدەهێنن پێوەری وێنەی شیعرییە هەروەك ئاماژەمان پێدا چونکە وێنەی شیعریی بابەتێکی دیاری نێو زانستەکانی ئەدەبە، بەتایبەتیش ڕەخنەی ئەدەبی لەبەرئەوەی وێنەی شیعریی"وەك ئامراژێکی ڕەخنەیی و پێوەرێکی گرنگ بەکاردێت کە ڕێگا بە ڕەخنەگر دەدات بەناخی دەقدا تێپەڕێت و نهێنییەکانی جیهانی دەق بەدی بکات، بۆیە یەکێك لە ڕاکانی دوکتۆر "جابر احمد عصفور" دەڵێ: "وێنەی شیعریی کرۆکی هەمیشەیی شیعرە". (عەبدولقادر حمەئەمین، 2002: ل12).

ئەمەش پەیوەستە بە ئەزمون و توانا و داهێنانی شاعیرەوە چونکە بایەخی وێنەی شیعریی لێرەدا دەردەکەوێت کە سۆزی تایبەتی نوسەر دەردەخات کاتێك ئەوەی لەدەرونیدا هەستی پێدەکات بەرامبەر بەشتەکان پاشان لەگەڵ هەستیدا تێکەڵاو دەبێت ئاوێتە دەبێت، ئەوەی دەیخاتە سەر گواستنەوە لە وشەوە بۆ مانا و خوڵقاندنی وێنەی شیعریی و ئیستاتیکی لەنێو دەقەکەیدا سیفەتی تاکی وەردەگرێت و ئاستی داهێنان و توانای نوسەر دەنوێنێ، ئەرکی شاعیر لەو وشانە دروستکردنی وێنەیە، وێنەیەك باس لە هەموو ئەو شتانە بکات کە شاعیر مەبەستییەتی چونکە"وێنەی شیعریی ڕۆڵێکی کاریگەر و گرنگی هەیە و هەندێك جار سەرتاپای شیعر دەگرێتەوە و دەبێتە تاکە ڕێگای ئەفراندن لەشیعردا، چونکە شیعر بۆئەوە ناگوترێت تا لێکی بدەینەوە، بۆئەوە دەنوسرێت تا لێی ڕابمێنین". (حەمەسەعید حەسەن، 2008: ل107)

بەمجۆرە وێنەی شیعریی لەنێو دەقدا ڕەگەزێکی گرنگی شیعرە و شاعیر لەڕێگەیەوە شیعری بەپێز و تۆکمەی پێ بهۆنێتەوە لەبەرئەوەی هەر وێنەیەکە شاعیر دەگەیەنێتە ئاستێکی باڵا و لەشاعیرانی دیکەی جیادەکاتەوە، بەپێیە وێنەی شیعریش دەبێتە بنەمایەکی گرنگ لەو بنەما هونەرییانەی کە پرۆسەی داهێنانی شیعریی پێ کامڵ دەبێت. ئەمەش بێگومان پەیوەندی بەزمانەوە هەیە چونکە "وێنە لە زمان دانابڕێت و لە زمانەوە هەڵدەقوڵێت ئەمەش لەڕێگەی دەنگ و وشەکانەوە لەبنیاتی دەقەکەدا ڕۆڵ دەگێڕێ، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی بەزاندنی واتای یاسایی وشەکان و هەنگاونانیان بۆگەیاندنی واتایەکی

نویَ كارا دەبێت لایەنی كەم ڕەگەزێكی تر دەبەخشێتە وێنە و چالاكتری دەكات". (فەرهاد قادر كەریم، 2009: ل39)

**بەشی دووەم وێنەی شیعری لەشیعرەكانی"سالم"دا**

**پاری یەكەم: سەرچاوەكانی وێنە لەشیعرەكانی"سالم"دا**

"سالم"ی شاعیر خاوەن پاشخانێكی گەورەی زمانی و فەرهەنگیی و ڕەوانبێژیی و لەهەمانكاتیشدا خاوەن خەمێكی قوڵی غەریبی و دەربەدەریی و هەروەها بیرێكی نەتەوەیی و بەرزیش بووە، بەهۆی ئەوەش كە لەحوجرەدا خوێندویەتی شارەزای قورئان و كتێبە دینی و شەرعییەكان بووە، هەموو ئەمانە لەشیعرەكانیدا ڕەنگی داوەتەوە و بەرجەستە بوون و بونەتە سەرچاوەیەكی گرنگ بۆ خوڵقاندن و دەوڵەمەندكردنی وێنەی شیعریی، گرنگترین سەرچاوەی ئەو وێنانەش خۆی لەم سەرچاوانەدا دەبینێتەوە .

یەكەم سەرچاوەی خودی :

ئەم وێنەیە داهێنراوی خەیاڵی شاعیر خۆیەتی، ئەمجۆرە لەسەرچاوەی وێنە ووردەكاریی دەوێت و پێویستە شاعیر وێنە شعرییەكانی نێو دەقەكەی دروستكراوی خۆی بێت "ئەم سەرچاوەیە كاتێک دەگاتە لوتكەی گەشەسەندن كە شاعیر لەداهێناندا سەربەست بێت و پابەندی دەستور و كلێشەی ئامادەكراو نەبێت". (جەبار ئەحمەد حسێن، 2008: ل305)

واتە شاعیر لێرەدا دەبێت بەدوای گوڵێكی نائامادەدا بێت و پێشوتر ئەم وێنەیە نەبینرابێت و بەو شێوەیە نەبوبێت، وەك لەم دێڕانەدا"سالم"ی شاعیر كۆمەڵێك وێنە كە روستكراو و داهێنراوی خۆیەتی دەڵێت :

| |
|---|
| غەمم دەریا، دڵم زەورەق، منم تاجیر، وەصڵ بەندەر |
| دەبێ یا تەركی بەندەركەم، وەیا نزیكی ئافەت بم |

(دیوانی سالم، مەلا عەبدولكەریمی مودەریس، 2015: ل430)

شاعیر لەم دەقەدا وێنەیەكی ناوازەی خوڵقاندووە، كە داهێنراوی خەیاڵی خۆیەتی و وێنەیەكی خودییە و دەڵێت: كە غەمم وەك دەریا وایە و دڵیشم لەناویدا وەك زەورەقە گەر بمەوێت بە یارەكەشم بگەم سەر و ماڵم بە تاڵان دەبات چونكە تاجیری بەندەرە، بۆیە دەبێت یان لەدەریای غەما بمێنم یان لەبەندەردا سەر و ماڵم تیابچێ.

لەچەند دێڕێكی دیكەدا جەختی لێدەكاتەوە و دەڵێت :

| |
|---|
| زەورەقـە دڵ، دیـدەیە دەریـا و مـەردوم نـاخـودا |
| جۆشی خاتر وەك شەپۆل و غەم نەهەنگ، لەنگەر جەفا ل19 |

یان دەڵێت :

| |
|---|
| شـۆڕشی دەریـای ئەشكـم بۆ هیلاكم هاتەوە |
| تەن لە گەردشدایە وەك كەشتی لەسەر گەردابی یەم ل468 |

لەوێنەیەكی داهێنراوی خودی دیكەدا دەڵێت :

| |
|---|
| دەزانم تا لەشیشەی دیدە مابێ، ئەشكی ئالودەم |
| شەرابی(جەی)* لە جـەما ڕەونەقی جگەر نادا ل3 |

*جەی:جۆرە شوشەیەكە لەشاری ئەسفەهان، كە هەرچەندە شەرابی سوری تێ بكەیت هەر ڕەنگی سپی یە .

واتە: شوشەی چاوم وەك شوشەی شەرابی(جەی) وایە، هەرچەندە پڕە لە خوێنی سوری جگەرم بەڵام هەر وەكو فرمێسك دەردەكەوێت .

شاعیر لە دوو وێنەی دیكەی داهێنراوی خۆماڵیدا، كە سەرچاوەكەی خودییە و تایبەتە بە خەیاڵ و ئەندێشەی شاعیر، لە یەكەمیاندا دەڵێت :

| |
|---|
| نەهری ئەشك ئەمشەو لە دیدەم وا بەخوڕ دەڕژایە ڕوو |
| دڵ لە سینـەم تـا سـەحـەر سـەنگ ئاسا ئاسیـا گەڕا ل14 |

واتە فرمێسكی چاوەكانم ئەمشەو هەتا بەیان دڵمی لەناو سینەمدا دەسوڕاندەوە هەر وەك چۆن ڕوبارێك بەردی ئاش(بەرداش) لە ئاشدا دەسوڕێنێتەوە .

لە دووەم وێنەشدا دەڵێت :

| |
|---|
| شوعلە وەرنابێ چرای شادی لەبەر بادی فیراق |
| ئاگری میحنەت لەخەرمـانی وجودم هەڵگیرا ل20 |

واتە بای دووری فیراق نەیهێشت چرای خۆشی و شادیم بەجوانی بگرێ، نەك هەر نەیهێشت بەڵكو ئاگری لەخەرمانی گیان و وجودم بەردا و سوتاندی .

دووەم: سەرچاوەی بابەتیی:

سەرچاوەی بابەتیی جگە لە سەرچاوەی خودیی هەموو ئەو سەرچاوانە دەگرێتەوە كە شاعیر وێنەكانی خۆی لێوەردەگرێت

ئەم سەرچاوەیەش پانتاییەکی زۆر و فراوانی شیعریی هەر شاعیرێك داگیردەکات کە "بریتین لە سەرچاوەی خۆماڵی و سەرچاوەی بیانی، واتە هەرچی بەرهەمی مرۆڤایەتی هەیە دەتوانرێت بە سەرچاوەی بابەتیی ئەژمار بکرێت کە شاعیر بە پێی زەمینەی رۆشنبیریی خۆی پەییان پێدەبات و وێنەی جوان و قەشەنگیان لێ دروست دەکات". (هاوژین سڵێوە عیسا، 2009: ل200)

"سالم"ی شاعیریش وەکو شاعیرانی پێش خۆی و دوای خۆی سودی لەکۆمەڵێك سەرچاوەی بابەتیی بینیوە و وێنەی شیعریی بەرزی لێ دروست کردون، کە لێرەدا گرنگترین و دیارترین ئەو سەرچاوانە باس دەکەین :

1-سەرچاوەی ئایینی :

بەهۆی ئەوەی شاعیرانی کلاسیکی کوردی لەحوجرە و مزگەوتەکاندا خوێندویانە و قورئان و کتێبە ئیسلامی و شەرعییەکانیان خوێندووە بوونەتە سەرچاوەی دروستکردنی وێنە لە شیعرەکانیاندا، وەك "سالم"ی شاعیر دەڵێت :

| |
|---|
| وبساڵت پایەی میعراجە بۆ من |
| لەڕووتا، گەرلەبم(شق القمر)کا |

دەڵێت وبساڵت وەك گەیشتنمە بە پایەی میعراج و لەبیشم وەك مانگ کە بۆتە دوو کەرتەوە ئاوا ڕومەتت دەکاتەدوو بەشەوە، دەبینین هەم ئاماژەیە بۆ شەوی ئیسرا و میعراج و لە هەمان کاتیشدا ئاماژەیە بۆ ئایەتی[ اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانْشَقَّ الْقَمَرُ ] (قورئانی پیرۆز، سورەتی (القمر)، ئایەتی1)

یان لە دێڕێکی دیکەدا دەڵێت :

| |
|---|
| بە مەحزی ئیمتیحان دەستم بنێنە باخەڵت یەك دەم |
| لە بندا بیبڕن ڕازیم، ئەگەر نەمبوو یەدی بەیزا ل17 |

دەڵێت: با تاق بکەینەوە ئەگەر یەکجار دەست لە باخەڵی یار بنێم ئەوا وەك دەستی حەزرەتی موسا(س.خ) سپی دەبێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئایەتی[ أَدْخِلْ يَدَكَ فِي جَيْبِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاءَ مِنْ غَيْرِ سُوءٍ ] (قوئانی پیرۆز، سورەتی(النمل)، ئایەتی 12)

٢- سەرچاوەی ئەدەبی پێشوو:

لەنێو ئەدەبیاتدا هیچ شاعیرێك نیە کاریگەریی ئەدەب و شاعیرانی پێش خۆی لەسەر نەبێ، هەر کایگەرییەکیش کە لەسەر شیعر یان شاعیر دەبێت بێگومان لەلایەنێکەوەیە وەك(وشە، زمان، وێنە، ئاواز...هتد)، "سالم"ی شاعیریش بەهەمان شێوەی شاعیرانی دیکە بەتایبەتی لەئاستی وێنەدا و ووردتریش وێنەی کلاسیکی نێو ئەدەبیاتی فارس و کورد، بۆ نمونە وێنە باوەکانی شیعری کلاسیکیی بوونەتە سەرچاوەی دروستکردنی وێنەی شیعریی لای شاعیر. وەك وێنەکانی(مانگ و ڕوو، هیلال و برۆ، گێسوو(زوڵف و مار)، نێرگس و چاو...هتد)ئەمانە ئەو وێنانەن کە پێش شیعرەکانی سالم دەبینرێن، وەك لای"حافز"لە ئەدەبیاتی کلاسیکی فارسیدا و لای"نالی"لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا، بۆ نمونە ئەو وێنانەی سەرەوە لای سالمی شاعیریش بەرباس دراون لەم دێڕانەدا :

| |
|---|
| بووە، ئەزبەسکی نەزارم، لە فیراقی مەهی ڕووت |
| وەکو ئەبرۆی هیلالت، قەدەم، ئەنگوشت نوما ل10 |

| |
|---|
| کشا گێسوو بەگۆشەی ڕووی یارا |
| چ جینسێ بێ لـەمارا، بێ بەنارا ل77 |

| |
|---|
| سەری تەسلیمی داوە، نێرگسی مەست |
| بەدیـدەی تۆ، لە هـەنگامی خومارا ل78 |

٣- ئەفسانە :

ئەفسانەش وەك سەرچاوەیەکی وێنەی شیعری لای زۆرێك لە شاعیرانی کلاسیك دەبینرێت و"سالم"ی شاعیریش بە سود وەرگرتن لە ئەفسانە توانیویەتی وێنەی شیعریی جوان و سەرنجراکێش بخوڵقێنێت بۆ نمونە(غوول) و (عەنقا) یەکەمیان گیاندارێکی ئەفسانەییە و دووەمیشان باڵندەیەکی ئەفسانەیی یەکەمیان درکەیە لە ناشیرینی و ترسناکی هەروەها دووەمیان درکەیە لە شتێك کە دەستکەوتنی مەحاڵە لەم دوو دێڕەدا سالمی شاعیر دەڵێت :

| |
|---|
| هەوەس کێشامی بۆ عوزلەت، ئەمەل گرتومی نایێڵێ |
| چ غوولێکە لە ڕێگەی ڕاستی هەرلام ئەدا عەمدا ل24 |

| |
|---|
| خەرابی مەردوومی بوومی نەتیجە دا بە وێرانی |
| لە شومی ئـەم بەروبوومە سیفەت نایابە وەك عەنقا ل24 |

4- سەرچاوەی مێژوویی و داستانی :

شاعیران سودێکی زۆر وەردەگرن لەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی مێژوو و هەمیشە لە شیعرەکانیاندا دەبینرێت و دەبێتە سەرچاوەی هەوێنی پێکهێنانی وێنەی شیعریی جوان، هەر بۆیە "ڕووداو و بەسەرهات و کەسایەتییە مێژوویەکان تەنها دیاردەیەکی سەرپێیی نین، بەڵکو لەپاڵ ئەوەشدا هەندێك ڕەهەندی گشتییان تێدایە، کە بەدرێژایی مێژوو شیاون بۆ مانەوە و خۆتازەکردنەوە لەفۆڕمی جیاوازدا دەلالەتی قارەمانیەتی لە سەرکردەیەکی دیاریکراودا یان دەلالەتی سەرکەوتن لە شەڕێکی دیاریکراودا بۆی هەیە تا دوای کۆتایی هاتنی بوونە واقیعییەکەشی بە زیندوویش بمێنێتەوە و لە هەڵوێستی نوێ و ڕووداوی تازەدا دوبارە ببنەوە لە هەمان کاتدا شیاوە بۆ هەڵگرتنی لێکدانەوە و شیکردنەوەی نوێ". (سەعد فاروق یوسف، 2011: ل214 )

"مێژوو وەك تۆمارگەیەك پڕیەتی لە ڕووداو و کارەساتی پڕ لە خۆشی و ناخۆشی جا کە شاعیر ئاماژە بەڕووداوی مێژوویی دەکات و سودی لێوەردەگرێت لەلایەك بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکەیە و لەلایەکی دیکە ڕەهەندێکی نوێ بەئاسۆی شیعرەکە دەبەخشێ و دەیکات بەبنەمایەکی وێنەی شیعریی". (کەمال مستەفا معروف، 2003: ل125)، مێژووی شەقبوونی تاقی کیسرا و وشك بوونی ئاوی دەریاچەی ساوا و نەمانی ئاگر لە ئاتەشگەکاندا ڕووداوێکی مێژوویيە و نزیکە لەساڵی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام(د.خ) بووەتە سەرچاوەی دروستکردنی وێنەی شیعریی لەم دێڕەدا .

| |
|---|
| موعجیزەی یاری پەری چەهرەی دڵارامم شکا |
| شەتی ساوا، تاقی کیسرا، ئاگری یەزدان فەنا ل40 |

هەروەها لەبابەتی سەرچاوەی داستانیی لای"سالم"ی شاعیریش وەك زۆربەی شاعیرانی دیکە، داستانی شیرین و فەرهاد بووەتە سەرچاوەی دروستکردنی وێنەی شیعریی و"سالم"خۆی لە فەرهاد بە عاشقتر دادەنێت ئەگەر فەرهاد لە کێودا وێنەی شیرینی هەڵکەندووە ئەوا ئەم لەدڵیدا ئەوەی کردووە و یارەکەشی بەشیرین چواندووە و دەڵێت :

| |
|---|
| نە فەرهاد کەوتە شۆری من، نە شیرین گەییە حوسنی تۆ |
| لەدڵ من نەقشی تۆم هەڵکەند و ئەو کێشای بەڕووی بەردا ل57 |

**پاری دووەم:جۆرەکانی وێنەی شیعریی لەشعرەکانی"سالم"دا**

**یەکەم:وێنەی لێکچواندن:**

لێکچواندن هونەرێکی ڕەوانبێژییە و بەیەکێك لەڕەگەزە گرنگەکانی بونیادنانی وێنەی شیعریی دادەنرێت لەنێو دەقی ئەدەبیداو "ئاسانترین جۆری ئەو پێکهێنەرە ڕەوانبێژییانەیە کەوێنە بونیاد دەنێت، شاعیریش زیاتر سەربەست دەبێت و مەودایەکی فراوانتریشی لەبەردەمدا دەکرێتەوە"(دڵشاد عەلی، ٢٠٠٧:ل١٧٠)

دەتوانین بڵێین کە ئەم هونەرە کۆنترین وێنەی ڕوونبێژییەو لەهونەرەکانی دیکەی ڕەوانبێژی ئاسانترە بۆ تێگەیشتن، دەکرێت بڵێن چواندن پێکەوە هاتنی دووشتە کەلەهەندێ سیفات و تایبەتمەندییاندا هاوبەشن، بەڵام هەریەکەیان خاوەن تایبەتمەندی خۆیانن کەواتە ئەگەر بمانەوێت سیفات وتایبەتمەندی شتێك دەربخەین ئەوا بەشتێکی دیکەی نزیك لەخۆی دەچوێنین، لەئەدەبیاتی کلاسیکدا ئەم هونەرە بەسەرچاوەی دروستکردنی وێنە دادەنرێت و پانتاییەکی گەورەی دیاریکردووە لەشیعری کلاسیکدا"سالم"یش وەکو شاعیرێکی ئەو قۆناغ و ئەدەبیاتە زۆرێك لەشیعرەکانی لەڕێگەی ئەم هونەرەوە دەربڕیوەو وێنەی جوانی خولقاندووە، وەك لەم دێڕانەدا دەڵێت:

| |
|---|
| من وتم: تیغی برۆت ساودا بەقەسدی، ئەو وتی |
| پیری عیشقە(سالم)و یەك یەك کەرامەت دەردەخا ل27 |

شاعیر لەم دێڕەدا وێنەیەکی شیعریی جوانی لەڕێگەی دیالۆگەوە هێناوەتەوە کەلێکچواندنە و چەقی وێنەکەش لەهەردوو(تیغی برۆ)دا دەرکەوتووە و شاعیر برۆێ چواندووە بەتیغ و سلو و تیژی ئەکات و بەدەوری ئەو وێنەیەشدا شاعیر ساودان و تیژکردنی هێناوەتەوەو لەڕێگەی تیغەوە داویەتییەپاڵ برۆ.

لەدێڕێکی دیکەی هونەری بەرزدا شاعیر دەڵێت:

| |
|---|
| قبوڵ نابێ حەجی کەعبەی ویصاڵت |
| ئەگەر دڵ حەڵقەیی ئەو زوڵفە بەردا ل٦ |

شاعیر ویساڵ یانی بەیەکگەشتنی چواندووە بەکەعبەو دەڵێت حەجی سالم قبوڵ نابێت ئەگەر دڵێ بەدەوری زوڵفدا نەسوڕێتەوە، هەروەها دەستدان لەڕەشی زوڵف کەوێنەکەی زیاتر پێ ڕازاندۆتەوە لەنێوان ڕەشی بەردەکەی کەعبەو ڕەشی زوڵفدا.

دووەم:وێنەی خواستن:

هونەری خواستن، هونەرێکە سیفەتی هاوبەشی لەتەنێکەوە بۆ تەنێکی دیکە یاخود لەمرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی دیکە دەگوازێتەوە، واتە تەوزیفکردنی واتایەکە بۆ مەبەستێکی تایبەتی لەدارِشتنێکی تازەدا لەنێوان شتێك و شتێکی دیکەدا.وێنەی خواستن وێنەی میتافۆریشی پێ دەوترێت یەکێکە لەهونەرە بەرزەکان و ڕەخنەگران بەکۆڵەکەو دواپلەی شیعرییەتی دادەنێن و هونەرێکە لەئەدەبی کۆن ونوێدا بایەخی گەورەی پێدراوەو شیعرییەت دەبەخشێتە شیعر.لەسادەترین پێناسەیدا خواستن "بریتییەلە بەکارهێنانی وشەیەك بۆ دەربڕینی مانایەکی تر بێجگە لە مانای دروستی وشەکە، بەمەرجێ پەیوەندی نێوان مانای دروست و مانای خوازەیی وشەکە وێکچوون بێت، ئەبێ نیشانەیەکی هەبێت کەئێمە مەبەستمان ئەم وشە خواستراوەیە نەك دروستەکە)"(عەزیز گەردی، ١٩٧٢: ل٦٩)

لای سالمی شاعیر ئەم هونەرە زۆر بەدیقەتەوە بەکارهێنراوەو بەشداربووە لە دروستکردنی وێنە گەلێکی جوانی شیعریدا وەك لێرەدا دەڵێت:

| |
|---|
| مایلە، وەك سەری زوڵفت، سەری من بۆ بەری پا |
| بەجەفا مەیخەرەلا، ساسەنەما ! توبی خودا ل٩ |

لێرەدا خواستن لەوشەی(سەنەم)دایە، کەبەواتای(بت)دێت و مەبەستی لەیارەو ئەم وێنەیەش لای زۆرێك لەشاعیران بوونی هەیە بەمجۆرە خواستنە دەوترێت "خواستنی ئاشکرا"، واتە شاعیر بەئاشکراسەنەمی لەجێی یار داناوەو لەبنەڕەتدا یارەکەشی چواندووە بەسەنەم،دەڵێت: سەرم وەك زوڵفت لەبەردەم پێتدایەو بەجەفا مەیخەرە لاوە وەك زوڵفت.جوانکارییەکی وردتری تێدایە کە ئەویش لەنێوان ڕەنگی سپی بت و یاردایە.

لەدێرێکی تردا دەڵێت:

| |
|---|
| لەپایا کۆمەڵێ لولووی ئەشك، ئەرتاکە مەربێم |
| ڕەهی دەستی خەیاڵیشم بەقەدیا، وەك کەمەر، نادا ل4 |

لەم دێڕەدا هونەری وێنەی خواستن لەهەردوو وشەی(دەستی خەیاڵ)دا هەیە و شاعیر خەیاڵی چواندووە بەمرۆڤ کە دەستی هەیە.بەمجۆرەی هونەری خواستن دەوترێت هونەری"خواستنی شاراوە(درکاو)"دەبینین دەستی لە مرۆڤەوە خواستووە بۆ بابەتێکی واتایی کە خەیاڵ بۆ ئەوەی وێنەکەی پێ تەواو بکات و لەگەڵ کەمەردا بگونجێت

سێهەم:وێنەی درکەیی:

یەکێکی دیکە لەو وێنە هونەرییانەی کە شاعیر پەنای بۆ بردووەو لەناو دەقە شیعرەکانیدا وێنەی شیعری پێ خولقاندووە بەکارهێنانی هونەری(درکە)یە.ئەمەش هونەرێکی زمانییەو پەیوەندی بەهەریەك لەکلتوورو شوێن و پاشخانی شاعیرەوە هەیە، سادەترین ناساندن بۆ ئەم هونەرە ئەوەیەکە "وشەیەك یان کۆمەڵە وشەیەك بهێنێ و واتایەکی دروستی خۆی هەبێت، هەر لەوکاتەدا لەڕستەکە، مانایەکی تر بدات بەدەستەوە کە مەبەستی ئەمەی دوایی بێت، دیسان ئەشێ واتا دروستی بنچینەییەکە مەبەست بێت، چونکە هیچ نیشانەیەك نیە بەرهەڵستی ئەوە بکات کە مانا بنچینەییەکەی مەبەست بێت"(عەزیز گەردی، ١٩٧٢: ل88)

سالمی شاعیریش بەو هۆیەی کە خاوەن پاشخانێکی زمانی گەورە بوو چەن وێنەیەکی بەرزو هونەریی لەڕێگەی وێنەی درکەییەوە دروست کردووە بۆنمونەشاعیر لەم دێڕەدا دەڵێت:

| |
|---|
| لەبت بوو داروی جێنشینی ماری زوڵفەکەت، نەددا |
| هەتا دەمرم، لەحەسرەت، بابدەم دەستم بەزانوودا ل٦٠ |

لەم دێڕەدا شاعیر چەند وێنەیەکی دروست کردووە لەوانە لێوی چواندووە بەدارو کە بەواتای دەرمان دێت و زوڵفی چواندووە بەمار، ئەوەی کە وێنەکەی جوان کردووە وێنەیەکی درکەییە کەلە دەستەواژەی (دەستدان و دەست کێشانە بەزەنوودا کە بەواتای ئەژنۆ دێت)لەڕاستیدا ئەگەر وشەکان وەك خۆی وەربگرین ئەو جوانیە نابەخشێت، بەڵام ئەو دیوی واتای دەستکێشان بە ئەژنۆدا درکەیە لە خەم و حەسرەت و ئاە هەڵکێشان، کەئەمەش درکەیەکە ڕۆژانە بەکاردێت و لەناو خەڵکدا باوە لەدێڕێکی دیکەدا، شاعیر وشەی"موشکاف"ی هێناوەتەوە کەبە واتای(موولەتکەر یان موو قڵیشکەر)دێت ولێرەدا درکەیە.شاعیر لەو ڕێگەیەوە فیکری خۆی وەك موشکاف داناوەو قیاس وپێوانەی زوڵفی کردووەو دەڵێت شەوی یەڵدا، کەتاریکترین و درێژترین شەوی ساڵە لەڕەشی و تاریکی و درێژیدا وەك زوڵفی یار نیە، لەم دێڕەدا سالمی شاعیر دەڵێت:

| |
|---|
| بەفیکری موشکاف ئەمشەو قیاسم کرد لەڕووی زوڵفت |
| بەتاریشی، بەتوڵیشی، بەقەد تاری نەبوو یەڵدا ل١٧ |

چوارەم: بەکەسکردن:

ئەم هونەرە زۆرێك لەرەخنەگرانی ئەدەبی و لێکۆڵەران لەجۆرێکی هونەری خواستنی دا دەنێن و وێناکردنیشی پێ دەڵێن، ئەم هونەرە "پێدانی خەسڵەتێکی مرۆڤە بەشتێکی ترو ئەم هونەرە لەتەواوی ئەدەبیاتی جیهانی و ئەدەبیاتی کوردیدا وێنەی زۆرەو ناوەکەی بەخۆوەیەتی، واتە بە کەسکردنی شتەکان" (موحسین ئەحمد عومەر، ٢٠١٢: ل67)

سالمی شاعیر دەڵێت:

| |
|---|
| قەڵەم سەرخۆشە (سالم)بۆ تەرەدود |
| لەتەعلیمی بەلاغەت، میسلی مەرکەب ل١٥٨ |

لەم دێرەدا شاعیر هونەری بەکەسکردنی هێناوەتەوەو وێنەیەکی شیعری بەرزی دروستکردووە لەرێگەی بەکەسکردنی قەڵەم و سیفاتی سەرخۆ شبوونی داوەتە پاڵی و کاتێك خوێنەر ئەم دەقەی بەرچاو دەکەوێت ڕاستەوخۆ چاوی دەچێتە سەر سەرخۆشبوونی قەڵەم لەدێرەکەدا، لەبنەڕەتیشدا جۆرێکی هونەری خواستنە کە قەڵەمی چواندووە بەمرۆڤ و بەکەسی کردووە

شاعیر لەدێرێکی دیکەدا دەڵێت:

| |
|---|
| بەنەزاکەت نیە گوڵ وەك بەدەنت |
| غونچە دڵتەنگە لەحەسرەت دەهەنت ل٢٢٠ |

لەم دێرەدا شاعیر هونەری بەکەسکردنی لەهەردوو وشەی(دڵتەنگی غونچە)دا بەرجەستە کردووە، دڵتەنگی کەسیفەتێکی مرۆڤە داویەتیە پاڵ خونچەو خونچەی بە کەسکردووە، لەوێنە شیعرییەکەدا شاعیر دڵتەنگی خونچەو بچوکبوونەوەی بەوە لێکداوەتەوە کەلە حەسرەتی بچوکی دەمی یاردایە.

پێنجەم: وێنەی تاك و وێنەی لێکدراو:

وێنەی شیعری لەرووی پێکهاتەوە یان تاکە یان لێکدراوە "مەبەستمان لەوێنەی تاك، کەسادەشی پێدەڵێن، وێنەیەکی تاکی سەربەخۆیەو لەتا
کە دێرێکدا شاعیر بەرجەستەی کردووە، وێنەی لێکدراویش ئەو جۆرە وێنەیەیە، کەلەچەند وێنەیەکی تاك پێکدێت پەیوەندییەکیان لەنێواندا هەیە" (حسێن کەلاری، ٢٠١١: ل٢٠٥)

شاعیر دەڵێت:

| |
|---|
| زەورەقـە دڵ، دیـدەیـە دەریـا مـەردوم ناخـودا |
| جۆشی خاتر وەك شەپۆل غەم نەهەنگ، لەنگەر جەفا ل١٩ |

یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی شیعری سالم چڕی و کورتییە، لەم ڕێگەیەوە توانای ئەوەی هەیە بە کەمترین وشە زۆرترین وێنەی شیعری دروست بکات، وەك لەو دێرەی سەرەوەدا دەبینین کە وێنەیەکی چڕی لێکدراوی بەرزی دروستکردووە لەرێگەی لێکدانی چەند وێنەیەکی تاکەوە، بەم شێوەیە:

وێنەی یەکەم (وێنەی تاک)
دڵ : لێچوو
زەورەق : لەوچوو
وێنەی دووەم (وێنەی تاک)
دیدە : لێچوو
دەریا : لەوچوو
وێنەی سێیەم (وێنەی تاک)
مەردووم : لێچوو
ناخودا : لەوچوو
وێنەی چوارەم (وێنەی تاک)
جۆشی خاتر(جۆشی دڵ) : لێچوو
شەپۆل : لەوچوو
وێنەی پێنجەم (وێنەی تاک)
غەم : لێچوو
نەهەنگ : لەوچوو
وێنەی شەشەم (وێنەی تاک)
جەفا : لێچوو
لەنگەر: لەوچوو

کۆی وێنەکەش پەیوەندییەکی پتەوییان لەنێواندا هەیەو وێنەیەکی شیعری لێکدراویان دروست کردووە.

شەشەم:وێنەی هەستی

مەبەست لەهەست "پەی بردنە بەو نیشانانەی یاخود سیفەتانەی کەلەشتێك یان لەشتەکاندا هەیە، بۆدەست نیشان کردنی نیشانەیەك یاخود سیفەتێك، ئەندامەکانی هەست هەستی پێدەکەن و دەیگوازنەوە بۆ مێشك و لەوێ لەماوەیەکی کورتدا لێکدەدرێتەوە" (فەرهاد شاکەلی، ٢٠١١.: ل259)

شاعیر ئەم هەستانە لەشیعرەکانیدا بەرجەستە دەکات و وێنەی شیعری پێ دروست دەکات و پاشان خوێنەر چێژی لێ دەبینێ، وەك ناشکراشە مرۆڤ خاوەنی پێنج هەستی

سەرەکیەو بۆ هەر هەستەو نمونەیەکی شیعری دەهێنێتەوە کە"سالم"لەشیعرەکانیدا بەرجەستە کردووە.

١ -بینین:

| |
|---|
| لەدوولا زوڵفی بەڵاجۆ کەبە(لا)دەنوێنێ |
| نەفی مانەندی لەتیفی ڕووخی جانانە دەکا ل١٢ |

لەم دەقەدا شاعیر وێنەیەکی هەست پێکراوو بینراو دەخاتە پێ چاومان و وێنەیەکی شیعری بەرزمان بۆ دەنەخشێنێت و دەڵێت:هەردوو لای زوڵفی یار وەك شێوەی(لا)دانراوەو ڕەت و نەفیی ئەوە دەکات کەلە جوانی و ناسکیدا وێنەی نیە.

٢-بیستن:

| |
|---|
| نەیی، لەناڵیندا چ گوڵستاخانە بۆ ئەربابی سەمع |
| بەحسی ئەییامی گوزەشتەی(کەیقوباد) و(کەی)دەکا |

شاعیر لەم وێنەیەدا کە(نەیی)چواندووە بەمرۆڤ و ئەناڵێنێ بۆ ئەوانەی کە گوێبیستی دەبن دەزانن کەباسی ڕۆژانی ڕابردوو وسەردەمی کەیقوبادو کەیخەسرەو دەکات کە دوو پادشای کۆنی ئێران بوون، دەبینین ڕاسەوخۆ ئەم وێنەیە ئاراستەی گوێیەکانمان دەکرێت و هەستی بیستن و گوێگرتنمان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت.

٣ -بۆنکردن:

| |
|---|
| پەنجە بۆ تەصویری ئەبرووت، پەیرەویی جانی دەکا |
| خامە بۆ زنجیری گێسووت، عەنبەر ئەفشـانی دەکا ل١٠٣ |

بەبینینی وشەی(عەنبەر)لەدێڕەکەدا ڕاستەوخۆ هەست بەبۆن و بەرامەی خۆشی عەنبەر دەکەین، کەسالمی شاعیر تیایدا وێنەکەی لەڕێگەی چواندنی گێسوو(زوڵف)بەعەنبەر، کەدەڵێت خامە لەدوای وەسفی گێسوو ئەو ناوە پڕ دەکات لەبۆنی عەنبەر.

٤ -چەشتن:

| |
|---|
| حەلاوەت تا قیامەت نابـڕێ(سالم)، لەنـاو دەمما |
| ئەگەر نەخلی موڕادم دەفعەیێ یەك بۆسە نەوبەردا |

سالمی شاعیر لەم دێڕەدا جەخت لەوشەی حەلاوەت دەکاتەوە کەبەواتای شیرینی دێت و هەستی چەشتنی تێدایەو وشەی دەمیشی هێناوەتەوەو دەڵێت:ئەگەر دار خورمای موڕادم یەکەم بەدی بۆسەیەك بێت، ئەوا تاقیامەت شیرینی لەدەمم نابڕێت.

٥-بەرکەوتن:

| |
|---|
| بەبێ تۆ زیندەگیم ناوێ، لەدوری تۆ حەیات مەرگە |
| لەدەستم بەرمەدە دامەن، وەرە دەستـم بەدامانت ل٢١١ |

دەڵێت:ئەگەر دەستم لەدامانت بڕی ئیتر ژیانم ناوێ، چونکە لەدوریتدا ژیانم مردنە دەبینین لەوێنەکەدا هەست بەرکەوتن و دەستی لەدەستدا بوونی بەژیان چواندووەو دورکەوتنەوەی بەمردن چواندووە، دوجار وشەی(دەست)ی هێناوەتەوەو جەختی لەسەر کردۆتەوە.

## ئەنجام:

١-وێنەی شیعری کۆمەڵێك ڕەگەزی هونەریی لەخۆ دەگرێت و هەریەکەیان بەچەند شێوەو تەکنیکێك بەشدارن لەدروستکردنی وێنەی شیعریدا ئەوانیش(زمان و بیرو ئەندێشەو هەست و نەست)شاعیرن دیارترینیشیان زمان و ئەندێشەیە، چونکە شیعر لەزماندایەو ئەندێشەش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ وێنەی شیعرییدا هەیە.

٢-وێنەی شیعری ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت بۆ ڕازاندنەوەو بەخشینی لایەنی ئیستاتیکا بەدەق ئەدەبی، کەشاعیران دەیکەن بەبنەمایەك بۆ دەربڕینی ئەو لایەن و هەستانەی لەدڵ و دەروونیاندا پەنگی خواردۆتەوەو هۆیەکە بۆ گەیاندنی ئەو مەبەستانە بەخوێنەران و گوێگران.

٣-دیارترین سەرچاوەکانی وێنەی شیعری لای"سالم"ی شاعیر وێنەی خودی و بابەتین، لەسەرچاوەی وێنەی بابەتیشدا ئەدەبی پێشین دیارترینی ئەو پاشخانە وێنەییەیە کەشاعیر بەکاریهێناوە.

٤-جۆرەکانی وێنەی شیعری لەشیعرەکانی"سالم"دا زۆرن ئەوەی کەبەهێزترین و گرنگترینیانە وێنەی خواستن(میتافۆر)ەکەدوا پلەی بەهێزی شیعرە لە ئەدەبیاتی کۆن و نوێدا و لەخەیاڵ و بیری خوێنەردا جێکەوتی دەمێنێتەوە.

## سەرچاوەکان

١-قورئانی پیرۆز

٢-ئەرستۆ، شیعر(پۆیەتیکا)، وەرگێڕانی:محمد کمال، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٣-ئیسماعیل تەنیا، وێنەی شیعری لای ئەحمدی خانی، هەولێر، ٢٠١٥.

٤-ئومێد ئاشنا، ئەشکی باوان، بەرهەمی بڵاونەکراوەو لەیادکراوی کامەران موکری، هەولێر، ٢٠٠١.

٥-بیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر: تیۆری ئەدەبی و شێواز ناسی، وەرگێڕانی: ئەنوەر قادر محمد، ٢٠١٠.

٦-جەبار ئەحمد حسێن، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق(١٩٥٠-١٩٧٠)، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٧-حسێن کەلاری، شێواز لە هۆنراوەکانی "فەرهاد شاکەلی"دا، سلێمانی، ٢٠١١.

٨-حمە سەعید حەسەن، تاڤگەیەك لەزیو، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٩-دیوانی سالم، مەلا عبدولکەریمی مودەریس، بەرگی یەکەم و دووەم، سلێمانی، ٢٠١٥.

١٠-دڵشاد عەلی، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، سلێمانی، ٢٠٠٧.

١١-دەریا جەمال حەویزی، وێنەی رونبێژی لەکۆمەڵە شیعری"شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات"ی قوبادی جەلیزادەدا، سلێمانی، ٢٠٠٩.

١٢-سەعد فاروق شێخ بزێنی، بنیاتی هونەری لە شیعری"ئەحمد موختار بەگی جاف"دا، هەولێر، ٢٠١١.

١٣-عەزیز گەردی، رەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم، بغداد، ١٩٧٢.

١٤-عبدولقادر محمد ئەمین، وێنەی شیعری لەرێبازی رۆمانسی کوردیی، سلێمانی، ٢٠٠٢.

١٥-فەرهاد قادر کەریم، بنیاتی وێنە لەشیعرەکانی"حەمدی"دا، سلێمانی، ٢٠٠٩.

١٦-کەمال مستەفا مەعروف، وێنە لەشیعرەکانی"قوبادی جەلیزادە"دا گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (١٢)، ٢٠٠٣.

١٧-موحسین ئەحمد عومەر، فەرهەنگی ئەدەبی، سلێمانی، ٢٠١٢.

١٨-نەوزاد ئەحمد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، سلێمانی، 2015.

١٩-هاوژین سلێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری"شێرکۆ بێکەس"دا، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٢٠-هەژار فەقێ سلێمان، سێبەری مانا، سلێمانی، ٢٠١٨.

٢١-هێمن عومەر خۆشناو، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، هەولێر، ٢٠٠٩.

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (وێنەی شیعری لە شیعرەکانی"سالم") دایە، توێژەران لێرەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەنەوە:

مەبەست لە وێنەی شیعری چییە؟

جۆرەکانی وێنەی شیعری کامانەن؟

سەرچاوەکانی وێنەی شیعری چین؟

رێبازی توێژینەوە: رێبازی ( وەسفی شیکاری) یە کە وێنەی شیعری و سەرچاوەکانی وێنەی شیعری و جۆرەکانی وێنەی شیعری کردوەتە پێوەر بۆشیکردنەوە وراڤەکردنی وێنەی شیعری لە شیعرە کوردییەکانی "سالم") دا .

لە کۆتایشدا توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێکی دیاریکراو خراوەتە روو دەربارەی چەمکی وێنەی شیعری و بنەماو سەرچاوەکانی دروستبوونی وێنەی شیعری لە شیعرە کوردییەکانی "سالم" دا.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە بەم شێوەیە :

بەشی یەکەم: تێروانینێکی گشتی دەربارەی وێنەی شیعری

پاری یەکەم: زاراوەو چەمکی وێنەی شیعری.

پاری دووەم: تێروانینی رەخنەگران و لێکۆڵەران دەربارەی وێنەی شیعری و بایەخی وێنەی شیعری .

بەشی دووەم: وێنەیی شیعری لە شیعرەکانی "سالم"دا.

پاری یەکەم: سەرچاوەکانی وێنەی شیعری لە شیعرەکانی " سالم"دا .

پاری دووەم: جۆرەکانی وێنەی شیعری لە شیعرەکانی "سالم"دا.

**الملخص:**

هذا البحث تحت عنوان ( الصورة الشعرية في أشعار "سالم")

الباحثون في هذا البحث يجيبون على التساؤلات الاتية:

ما المقصود من الصورة الشعرية؟ ماهي أنواع الصورة الشعرية؟

ماهي مصادر الصورة الشعرية؟

منهج البحث: اعتمد الباحثون ( المنهج الوصفي- التحليلي) وعن طريق الصورة الشعرية ومصادر الصورة الشعرية وأنواع الصورة الشعرية لقياس التحيل و التفسير الصورة الشعرية في أشعار "سالم" الكوردية .

وفي نهاية البحث أشرنا إلى أهم النتائج حول مصطلح الصورة الشعرية و أصوله ومصادره وكيفية تكوين الصورة الشعرية في أشعار "سالم" الكوردية.

هذا البحث مكون من فصلين رئيسين و الإستنتاجات و قائمة الصمادر بهذا الشكل:

الفصل الاول: النظرة العامة حول الصورة الشعرية .

المبحث الاول: مفهوم و مصطلح الصورة الشعرية .

المبحث الثاني: نظرة الناقدين و الباحثين حول الصورة الشعرية و أهمية الصورة الشعرية. الفصل الثاني: الصورة الشعرية في اشعار"سالم ".
المبحث الاول: مصادر الصورة الشعرية في اشعار"سالم".
المبحث الثاني : أنواع الصورة الشعرية في اشعار"سالم".
الكلمات المفتاحية: الصورة الشعرية، الصورة المستعارة، الصورة التشبيهية.